# هەڵوێستێك لەبارەی ڕووداوەكەی هەڵەبجەوە

## بێ ویژدانیش بەو شێوەیە !!؟

**دڵزار حەسەن**

نەم دەویست لەبارەی ڕووداوی ئەو دواییانەی شاری هەڵەبجەوە قسە بکەم ، هەم لەبەرئەوەی کە ئەم شارە جەستەی هەمووو زامە و بە شەهیدی نەتەوە ناوبانگی دەرکردووە ، هەم لە سۆنگەی ئەوەوە کە باوەڕێکی تەواوم بە خۆپیشاندان و ناڕەزایی هەیە لەبەرامبەر دەسەڵات و حکومەتدا بۆ وەدەست هێنانی داخوازییەکانی تاك و كۆمەڵگا لە کوردستاندا .
ئەوەی هانیشیدام شت لەبارەیەوە بنووسم ، هەم سوتاندنی یادگارییەکەی هەڵەبجە بوو ، هەم ئەو بێ ویژدانیەی ئێستاكەی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی کوردی بوو کە تاسەر ئێسقان ئەخلاقیاتی کاری ڕۆژنامەگەرییان تیایدا نەبووە و لە هەمان کاتیشدا بێ ویژدانانەش مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوو جۆری واقیعی خۆپیشاندان و سووتاندنی یادگاریەکەدا کردبوو . لە سەرووی ئەوانیشەوە هەڵوێستی دەسەڵات لەبەرامبەر ئەو ڕووداوەوە و کەسانی خۆپیشاندەر لەو ئان و ساتەدا زۆر نێگەتیڤانە بووە . بۆیە پێم وایە هەر سێ دیاردە حاڵەتێکی نا تەندروستیان خوڵقاندووە و شعوری خەڵکی ڕەسەنی هەڵەبجە و تەواوی کوردستانیان بریندارکرد . بۆ ئەوەی وتەکانمان لە جێگای خۆیدابێت و ڕەخنەیەکی لۆژیکیانە بێت بۆ هەرسێ ڕەفتارەکە و دواجاریش ببێتە هۆی بە خۆدا چوونەوە و ئاوڕدانەوە لەو ئاکارانەی کە بە شکست بۆ هەمووو لایەکمان تەواو دەبێت .
لێرەدا هەم دەسەڵات پێویستە بەخۆیدا بچێتەوە و ڕەوشی ئابوری و سیاسیی و کلتوری ناوچەکە لەبەرچاو بگرێت و هەوڵی ستراتیژیانەی بۆ چارەسەکردنی بدا . هەم گەنجان و خوێنگەرمانی شارەکەش وادەخوازێت نەختێك لەو هەڵچوونەیان دابەزن و بیرێك لەو زیانە گەورەیە بکەنەوە کە ئەمیش یادگاریەکەی ناو شارەکەیان بوو کە بە جوانترین و پڕ بەهاترین شتی تایبەتی خۆیان لە چرکە ساتێکدا لە دەستدا ، کە مومکین نییە وا بە ئاسانی شتێکی ئەوها نایاب لە ئایندەیەکی نزیکدا بۆیان بینا بکرێتەوە .
بەداخەوە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی ناوەخۆش بەشی شێریان لەو بێ ویژدانیە بەردەکەوێت کە بە وێنە و ڕاپۆرت و هەواڵەکانیان نەك هەر پێناخۆشبوونی خۆیان لەبەرامبەر ئەو ئاژاوە گێڕیە و سوتاندنی یادگاریەکە دەرنەبڕی " ناڵێم خۆپیشاندان چونکە ئەم شێوازەیان لە خۆپیشاندانی ئاسایی دەرچووە و دواجار بوە هۆی ئاژاوەنانەوە و تێکدان و سوتاندنی مولکی گشتی " بەڵکو بە خۆشحاڵی و دەستەخۆشانەوە پێخۆشبوون و خۆشحاڵی خۆیان نیشاندەدا ، هێندە ئاماژە نەبووە بۆ کارێکی ڕۆژنامەنووسی ، دیارە ئەم جۆرە لایەنگیریەش بەو شێوەیە و بەو ئاشکرا و بەرچاویە مانای خۆی هەیە و هەقی خۆشمانە بەد گومان بین لەو جۆرە هەڵس و کەوتەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسەکان کە بەشێکی ئەو بەنزینەن و ڕێگا خۆشکەری ئەو کردەوە نێگەتیڤانەن لەنێو کوردستاندا .